# هزری سیاسی کانت

## ئاکارو دەوڵەت

هانا ئارنت
و:مووسا باباخانی



و. موسا باباجان

هێندێك پێیان وایە كە مەسەلەی كانت، لە كۆتایی تەمەنیٚ بووە كە چوون لە نێوان رێكخستنی دەوڵەت و فەلسەفەی ئاكاری ئەو، یان بیرو بۆچوونی وتراوی ئەو لە هزری ڕاس هاوئاهەنگی پێكدێنیٚ، بەڵام ئەو وتەیە ناراستەهەر بۆیە ئەو خۆی لە هەموو وتە بێژەكانیٚ هەلسۆكەوت كشایەوە پیٚ بەو راستییە برد كە مەسەلە ئەوەیە :كە چۆن دەتوانیٚ مرۆڤەكان هان بدا، تا هاوڵاتییەكی باش بن تەنانەت ئەگەر ئەو مرۆڤانە هێندە بە ئەخلاقەوە بەستراوە نەبن. ئەم مەسەلەیە پێوەندییەكی بە یاسای ئاكاری و ئەخلاقی



هانا ئارێنت

دەوڵەتەوە نیە، بەڵكوو پێوەندی بە كلتوورو شێوەی بارهێنانی خەڵكەوە هەیە. ئەم ئاماژە پێكردنە بۆ ئێوە وی دەچیٚ وەبیرهێنانەوەی ئەرەستو بێت كە وتوویە:"مرۆڤی چاك و شیاو تەنیا لە حكومەتێكی شیاو، هاوڵاتییەكی باشە "بیٚ لە بەر چاو گرتنی ئەم نموونەیە، كانت بەو ئاكامە گەیشت"مەسەلەی دەولەت هەرچەن ساكارو سەرەتایی بێت. بۆ كۆمەڵی شەێتانەكانیش شیاوی فامە كە ئەویش بریتییە لە پێكەوە ژیانی كۆمەڵێك گیانلەبەر كە خوازیاری یاسای گشتی بۆ مانەوەی خۆیانن، بەو شێوە رێكو پێك بخەنویاسایەكی بنەڕەتی بچەسپێنن كە ئاكامە ئەو پێك هاتنێك بێت كە بلٚیٚ هیچ نیەتێكی مرۆڤانە لەم نێوانە بوونی نەبووەو نابێتیش .

ئەم ڕەستەگەلە شوێن دانەرن. ئەو شتەی كە كانت وتی ئەوەیە كە مرۆڤی شەڕئەنگیز لە حكوومەتێكی شیاو، دەتوانیٚ هاوڵاتیكی باش بێت.

تاریفی ئەو لە زاراوەی شەرئەنگیز لەم پێوەندیەیە، هاوتایە لەگەلٚ فەلسەفەی ئاكاری ئەو.

وتەزای گریمانەكراوی (kategorische imperatir)دەلٚیٚ"كارێك بكە كە بۆ خۆت خوازیاری ئەو كردەوەی تۆە ئاكاری گشتی بێت".

خالٚی سەرەكی ئەم كردەوەیە بە گشتی روونە.

بە وتەی كانت وی دەچیٚ كە من خوازیاری درووو یا ن شتیٚ ناڕاس بم بەڵام"یاسای گشتی بۆ ناڕاس وتنم هەرگیز گەرەك نییە" چوون بەو شێوە ئیتر هیچ وەعدەو بلٚێنیەك بوونی نامێنیٚ".

یان ئەوەی كە من خوازیاری دوزی بم بەڵام ناتوانم خوازیاری ئەوە بم كە دوزی ببێتە ئاینێكی گشتی. چوون لەو كاتە ئیتر خاوەن مولٚكێك بوونی نییە. بە بۆچوونی كانت مرۆڤی خراپ كەسێك نیە كە خوازیاری شەر بێت، بەڵكوو كەسێكە كە بۆ هەموو شتێك خۆی لە كۆمەلٚ بە جیا بزانی." پێك هاتەی شەیتانەكان" بە ماناو مەفهوومی وشەی شەیتاننیە بەڵكوو بەو گیانلەبەرانەی ئەوتریٚ كە لە تەنیاییو گۆشەگیری خۆیان بە جیا لە كۆمەلٚ دەزانن. ناوەندی ئەم قورساییە نادیارە. ئەوان لە كۆرو كۆمەڵی گشتی ویست و داخوازی خۆیان نایهێنێنە گۆڕیٚ چوون لەو كاتە دەكەونە بیرو بۆچوونی گشتی و یاساسییە دەبنە دوژمنی خەڵك، بە پێچەوانەی هەلسۆكەوت، سیاسەت بە گشتی پێوەندی بە ئاكاری كۆمەڵەوە هەیە.

ویٚ دەچیٚ كە ئەم بەشە پاش هەلسەنگاندنی هزری راس نووسرا بێت. بەڵام هەرگیز بەو شێوە نیە چوون ئەم بیرو بۆچوونە لەو خاڵانەیە كە لە پێش نووسینی كتێبی ئەسلیٚ كانت بوونی هەبووە، بەڵام ئێستا لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاكارەكانی كانت باسیٚ لیٚ دەكریٚ. لە بارەی ئیحساسی جوانیو ئارمانی دا دەیخۆینین:

مرۆڤ گەلیٚ كەم بوونمیان هەیە كە بە پیٚ یاسا بە لاریٚ دا بچن .ئەوانەیەك كە كردەوەیان بە بیٚ نیاز پاكییە فرەترنو ئەوە باشترە، هەر چەن بە شێوەی جیا لە یەك ئیمتیازێكی تایبەتی بۆ هەر تاكی نییە. چوون ئەم وارسكە(غرایز) تایبەتمەندی یان هێندێك جار شوێنیان بە تاڵە. ئەم وارسكەلە

وارسـككەلێكی دیکـە لـە ئاسـتی نێـوەنجی پێویسـتییەکی ئاسایی‌یە کە هێزی جۆلێنەری دنیای حەیوانەکانە.

ئەو کەسانەی کە خۆشەویست ترین کەس لـە لایـان بـۆ خۆیانن و بە تەنیا لە دوای قازانجی تاکەکەسی خۆیانن، ئەوان لە هەر لۆژو دەستەیەك فرەترن کە ئـەوە بـۆ خۆی شتێکی پۆزەتیڤە، چوون ئـەوان مانـدوویی نـەناس، رێـكو پێـكو هوشـیارنو بـۆ کۆمـەڵ (بـێ لـە بـەر چاو گرتنی قازانجی خۆیان) بێ ئامـانجو بـیرو بۆچـوونی قازانجیـان هەیـە و هێزو دەوامیان هەیە".

لەم نووسراوەیە بـەم شێوەیە دێتـە بەرچـاو کـە کۆمـەڵی شـەیتانەکان بەجێیـە تـا ولامـی پێداویستییەکان بدرێتـەوەو ببێتـە بنەمایەك تا لە سـەر ئـەو وینـەی جـوانو رێـكو پێـك پـەرە بستێنێ. لێـرە تیئۆرییەکی خۆبەزلزان ئاگایانە بە شێوەی کانت رێـز کراوە. ئەم تیئۆری‌یە کەکەمو کۆڕی زۆریَ هەیە، سەرە رای ئەو باسی خاڵە سەرەکییەکانی کانت ئەکەین .

1ــ لـە پـێش دا ئاشـکراو روونـە کـە ئـەم پارادیمـە کاتێك لایەنی کردەوەیی بە خۆ دەگری و گریمانەی ئێمە ئـەو بێـت کـە لـە شـاراوەی بکـەری ئامـانجی بـەرزی سروشـت کاریگەری هەیە. چوون بێجگـە ئـەوە کۆمـەڵی شـەیتانەکان خۆیـان لـە نێـو دەبـەن سروشـت خوازیـاری مانـەوەی جۆراوجۆرەکانەو هەموو ویستو داخوازی لە منداڵـەکانیَ پاراستنی خۆیانە.

لــەویَ ئەشــیَ ئــەو راسـتییە بێنێتــە گــۆڕیَ کــە پێداویستی گۆرانکاری پۆزەتیڤی سیاسی، شۆڕشی فکری لـە مرۆڤەکان نیە.

3ـ لەویَ لەلایەك پیَ داگرن لە سەر فامودەرك کـردنو لە لایەکی دیکەش ڕای گشتی خەڵك.

ئاشکرا بوونی ئەو خاڵە سەرەکییانە هزری سیاسی کانتە. لەم بارەیەوە ئاماژە دەکـا کـە فکـری بـە لاڕیَ دا بـراوە بـە گشتی شاراوەن لە نامەی" مشتو مڕی زانستگاکان" کە لە دوایین بەرهەمەکانی ئەوە هاتووە:

بۆ چی هەرگیز دەسەلاّتدارێك دان بەودا نانیَ کـە هیچ شێوە مافێکی خەڵك بە رەسمی ناناسی؟

هۆکاری ئەو شـتە واتـە دەربرینـی بیروڕایەکی وەها لە نێو کۆمـەلانی خـەڵك، دەبێتـە هۆکـاری سـەرهەڵدانی نارەزایـەتی لـە نێـو خەڵکی ژێر دەستی ئـەو دەسەلاّتدارە.



كانت

دوو پرسـیار لـە سـیَ پرسـیارەکەی ئـەو واتـە 1ــ دەتـوانم چ بکـەم؟ 2ــ ئەشـیَ چ بکـەم؟ 3ــ بـە چـی هیـوام هـەبیَ؟ پێوەنـدی بـە مەسـەلە سـونەتییەکانی میتافیزیـك واتـە خـوداو هەتاهەتاییـەوە هەیـە. هەڵەیـەکی گەورەیە ئەگـەر پێمـان وابێت کە تاوتۆی کردنـی ئێمـە لـە پرسیاری دووهەمو ئەو باسەی کە لێکوڵینەوەی لە سەر دەکەین واتە ئیدەی ئازاد پشت ببەستیَ. بە پێچەوانەوە ئەم پرسـیارەو ئـەو شێوەیە کە کانت باسـیَ کـردوەو ولامـی داوەتـەوە دەبێتـە کەندو کوسپێك لە سەر رێگامانو وی دەچیَ ببێتە کوسپێك لـە پـێش کانـتو ئـەویش کاتێکـە کـە ئـەو هـەوڵی داوە هاوئاهەنگی لە نێوان بیربۆچوونی سیاسیو فەلسەفی ئاکاری خۆی وەدی بێنیَ. و ئەو مەسەلانە کاتی خۆیان دەنـوێنن کـە لە هەوڵی ئەواد بین کە وێنەیەکمان لە چوونیەتی فەلسەفەی سیاسی کانت هەبی. ئەگەر بۆ خۆی کانت و هێزی پێویست هەبایە رەنگەبۆ خۆی ئەوانە بە باشی تاوتۆی بکردبایە.

پرسیاری دووهەمی کانت پێوەندییەکی بە هەڵسوکەوتەوە نییەو کانت لە هیچ کوێ سەرنجی هەلسوکەوتێ نەداوە. ئەو بنەمای کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤی فام کردبوو ئەو وەك توخمی تایبەتی مرۆڤ هەڵدەسەنگان.

شیاوی پێوەندی گرتن، پێویستی مرۆڤەکان بۆ گەیاندنی پەیامو ئاشکرا بوون، واتە ئازادی ئاشکرا لە هزرو بڵاوکردنەوە، بەڵام کانت نە توانایی‌و نەپێویستی بە کردەوە دەناسێ.

پرسیاری چ بکەی؟ بۆ کانت گەڕانەوە بۆ ئاکاری خودو نەبوونی پێویستی بە کەسانی دیکە.

سێ پرسیاری سەرەوە، لە راستی دا بە شێوەیەکی سەرەکی پێوەندییان پێکەوە هەیە. وەڵامی ئەوەڵێن پرسیار کە لە هەڵسەنگاندنی هزری ڕاس دراوەتەوە .ئەڵێ چ شتێ دەتوانی بناسی‌و گرینگتر لەوە چ شتێ ناتوانی بناسی؟ لای کانت مەسەلە میتافیزیکییەکان پێوەندییان بەو بەشەوە هەیە کە بۆ خۆم خوازیاری ئەوم، بوونی خودا، ئازادی شتێك کە ژیانی مرۆڤ بێ ئەو وەك ژیانی حەیوانەو ئارم نییە. بە بۆچوونی کانت ئەم چەمکانە مەسەلە کردەوەیی‌یەکانن‌و ئاوەزی کردەیی کە دەڵێ چوون لە سەر ئەوانە بیر بکەینەوە. تەنانەت مەزهەبیش بۆ مرۆڤی هزروان، تەنیا لە سنوورەکانی خۆی بوونی هەیە مەسەلەی سەرەکی کە من خۆلیای ئەوم و گەرەکمە هیوام پێ هەبێ، سەربەرزی‌و سەرکەوتوویی لە ژیانی داهاتوویە. کاتێك ئەتوانم هیوام پێ هەبی کە شایانی ئەوە بم .واتە کاتێك کە ئاکارم درووست بێت. لە یەکێك لە وانەکانی وتەکانی کانت پرسیاری چوارم بەم سێ پرسیارە زیاد دەکا: مرۆڤ چییە؟ بەڵام ئەو پرسیارە لە زنجیرە رەخنەکانی دا نابینرێ.

ئێستا کە پرسیاری چون داوەری بکەم؟ پرسیاری سێهەم هەلسەنگاندن بە دوورە لە بیرو ڕاکان. ئەشێ ئەوەمان لە بیر بێ کە پرسیارگەلێ سەرەکی فەلسەفە تەنانەت نێو بردنی چەن لایەنەی مرۆڤ وەك مەرجێك ئاماژەی پێنەکراوە. بێجگە شێوەی دەربڕینی پرسیاری دووهەم کە مانای ئەوە دەگەینێ، بێ مرۆڤگەلێ دیکە هیچ، مانایەکی دیکە کە هەڵسوکەوتی خەم تاوتۆی بکەم. بەڵام پێداگرتنی کانت لە سەرس ئەرکەکانی من لە بەرانبەر خۆم‌و ئەوەی کە ئەم ئەرکانەی هەڵسوکەوتە دەبێ لە هەر شێوە حەز لێ کردنێ بە دوور بێ.و ئەوەی کە یاسای ئاکار نە تەنیا بۆ مرۆڤ گەلێ ئەم کاکەشانە(سیارە) بەڵکوو ئەشێ بۆ هەموو گیانلەبەرانی خاوەن بیر ئیعتیباری هەبێ. مەرجی چەن لایەنەی دەیهێنێتە لانی کەمی خۆی. بیرێك کە لە پێش هەر سێ پرسیار کە خۆی هەشار داوە . خۆلیای خۆیە نە خۆلیای جیهان .لەگەڵ ئەوەی کە کانت نوکتەی رووی( هەموو مرۆڤەکان خوازیاری سەربەرزین) بە تەواو لایەنەکانیەوە قەبوولە، لەو باوڕەدایە کە ئەو کاتێك ئەتوانێ لە بەرانبەر سەربەرزی‌و سەرکەوتوویی دا خۆڕاگر بێت کە بۆ خۆی سەلمێنرابێت کە شیاوی ئەم سەربەرزییە دەبێ. بە واتایەکی دیکە گەورەترین خراپەو گوناە بۆ هەر مرۆڤێك رێز نەگرتن لە خۆیە.

ئەو لە نامەیەکدا بۆ مندلسۆن (8 شاوریلی 1766) دەنووسی:"رێزنەگرتن لە خۆت گەورەترین قەیرانێکە کە من چەن جار لەگەڵێ روبەروو بوومە" هەر بۆیە لە دەست دانی رێزو حورمەتی خەڵکی دیکە بۆ تۆ گرینگ نیە. بەرزترین ئامانجی هەر تاکێ لە ژیان، شیاوی هەبوونی سەربەرزییە، کە لە سەر زەوی دەس ناکەوێ. لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەم کردەوەیە هەموو ئەو نیەت‌و ئامانجانەی کە مرۆڤ ئەتوانی هەبێ لاوەکییە.

**Check MailCompose Search Web MailSearch the وەرگیراو لە کتێبی DENK ANSTOBE:**